شایان

گرنگتر دەزانی و بەئاگاتر دەبی

کۆلێژی یاسا

دیوارنامەیەکی گشتییە مانگی جارێك لە کۆلێژی یاسای زانکۆی ئیشك دەردەچێت

پێنجشەممە Thursday 2018/5/10 - ژمارە (9) Issue

ئەمڕۆ کۆلیژی یاسای زانکۆی ئیشك

سێیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی پرسە یاساییەکان ساز دەدات

پەیامنێری (شایان):

ئەمڕۆ پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٥/١٠ بە چاودێریی وەزیری خویندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستان، کۆلێژی یاسای زانکۆی ئیشک، سێیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی پرسە یاساییەکان دەبەستێ.

سەرچاوەیەک لە لیژنەی سەرپەرشتیاری کۆنفرانسی نیودەوڵەتیی پرسە یاساییەکا (3rd International Legal Issues Conferenece - ILIC 2028)، بە (شایان)ی ڕاگەیاند: "کۆی ئەو توێژینەوانەی کە بۆ ئەم کۆنفرانسە پێشکەش کراون لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان و عێراق و دەرەوەی عێراق ٦٥ توێژینەوەیە و لەم توێژینەوانە ٤٩یان پەسەند کراون و ١٦یان ڕەت کراونەتەوە".

هەمان سەرچاوە ڕوونی کردەوە، ئەو ٤٩ توێژینەوە زانستییانەی لەم کۆنفرانسەدا پێشکەش دەکرێن و گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت، سەرجەمیان توێژینەوەی ئەکادیمین لە بوارەکانی یاسا و زانستە سیاسییەکان و زانستە ئیسلامییەکاندا، کە لە لایەن توێژەران و کەسانی پسپۆڕ لە بوارگەلی توێژینەوەکاندا هەڵسەنگاندنی زانستییان بۆ کراوە و بە زمانەکانی (کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی) ئامادە کراون و پێشکەش دەکرێن.

سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەش کرد کە ئامادەکارانی توێژینەوەکان لە هەر یەکە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و چەند توێژەرێکیش لەسەر ئاستی عێراق و دەرەوەی عێراق و زانکۆکانی لیبیا و جەزائیریش بەشدارن.

کلیة القانون في جامعة (إشك) تعقد مؤتمرها الدولي الثالث للقضايا القانونية

(شايان):

برعاية وزير التعليم العالي والبحث العلمي في حكومة اقليم كوردستان، تعقد كلية القانون في جامعة ايشك اليوم (الخميس ١٠ / ٥ / ٢٠١٨) مؤتمرها الدولي الثالث للقضايا القانونية.

مصدر مطلع من اللجنة المشرفة على المؤتمر الدولي للقضايا القانونية (3rd International Legal Issues Conferenece - ILIC 2018) صرح لـ(شايان) قائلا «اجمالي البحوث المقدمة من داخل وخارج اقليم كوردستان والعراق الى المؤتمر بلغت ٦٥ بحثا، حيث تم قبول ٤٩ بحثا منها فيما رفض ١٦ بحثا آخر.»

المصدر نفسه اوضح، البحوث العلمية الـ(٤٩) التي يتم تقديمها في المؤتمر ويتم مناقشتها من قبل المؤتمرون، جميعها بحوث اكاديمية في مجالات القانون والعلوم السياسية والعلوم الاسلامية، وهي بحوث تم اعدادها من قبل متخصصين اكاديميين في حقول بحوثهم والتي تم تقويمها علميا، وهي بحوث اعدت باللغات الكوردية والعربية والانكليزية ويتم تقديمها باللغات ذاتها.

واشار المصدر كذلك، بان معدي هذه البحوث هم اكاديميون من جامعات اقليم كوردستان وعدة بحوث مشاركة على مستوى العراق وخارجه ومن جامعات ليبية وجزائرية.

لە فێستیڤاڵی بەهارەی زانکۆی ئیشك کۆلێژی یاسا دادگای گریمانەیی پێك هێنا

پەیامنێری (شایان):

وەک نەریتی ساڵانەی زانکۆی ئیشک، لە چوارچێوەی چالاکییە کولتووری و زانستییەکانیدا بۆ وەرزی بەهاری ئەمساڵ، سەعات ١٠:٣٠ی بەیانیی ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی نیسان، لە گۆڕەپانی زانکۆی ئیشک فێستیڤاڵی بەهارە بۆ زمان و کولتوور و زانست ساز کرا.

سەرچاوەیەک لە لیژنەی سەرپەرشتیاری فێستیڤاڵەکە بە (شایان)ی ڕاگەیاند: "ئەمساڵیش وەک ساڵانی ڕابردوو، بە ئامادەبوونی سەرۆک و ئەندامانی دەستەی ئەمینداراني زانکۆ و کونسوڵ و نوێنەرایەتیی چەند وڵاتێک لە هەولێر و هەروەها مامۆستایان و قوتابیان و چەندین میوانی دیکە، زانکۆی ئیشک فێستیڤاڵی بەهارەی خۆی بۆ زمان و کولتوور و زانست ڕێک خست".

ڕوونیشی کردەوە کە لە چوارچێوەی چالاکییەکانی فێستیڤاڵەکەدا، قوتابیانی کۆلێژی یاسا بە سەرپەرشتیی مامۆستایانیان، دادگای گریمانەییان پێک هێنا و کۆمەڵێک لە قوتابیان زۆر سەرکەوتووانە ئەو چالاکییەیان پێشکەش کرد و سەرنجی ئامادەبووانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا.

هەمان سەرچاوە زیاتر گوتی: "چەندین چالاکیی تر و پرۆژەی زانستی و ڕۆشنبیری و کەلەپووری و هونەریی قوتابیانی دیکەی زانکۆی ئیشک، پێشکەش کران وێڕای خستنەڕووی نەریت و فۆلکلۆر و کەلەپووری نەتەوە و گەلان و وڵاتانی دونیا".

سەرچاوەکە ئەوەشی ڕاگەیاند کە چالاکییەکی دیکەی گرنگی ئەو فێستیڤاڵە ئەوە بوو کە کە بەشێکی بەرچاو لە قوتابییان، خواردن و خواردنەوەی کوردەواری و میللییان دروست کرد و وەک پرۆژەیەکی خێرخوازی بەڕێوەیان برد.

سەروتار



هۆشیاریی سیاسی

هیرۆ ئیسماعیل عارف

کاتێک کە هەڵبژادنەکانی سەرۆکایەتیی ئەمەریکا بەڕێوە چوو و بەپێی ئەنجامەکانی دۆنالد ترەمپ بردیەوە و بووە سەرۆکی ئەو وڵاتە، چاودێرانی سیاسی باسیان لەوە دەکرد کە هاووڵاتیی ئەمەریکی هۆشیاریی سیاسیی نییە بۆیە زۆرینە ئەو کەسایەتییەیان بۆ سەرۆکایەتیی وڵاتەکەیان هەڵبژارد.

دەمەوێ هەندێک بەراورد بکەم لەنێوان ئەو هۆشیارییە سیاسییەی کە لە ئەمریکا ڕەخنەی لێ گیرا لەگەڵ ئەو هۆشیارییەی کە لە عێراق بە گشتی و لە هەرێمی کوردستاندا بە تایبەتی هەیە. ئایا لە عێراق و کوردستان بە چ هۆشیارییەکی سیاسییەوە، هاووڵاتی نوێنەری خۆی دەستنیشان دەکات و دەنگی پێ دەدات و بە چ پێوەرێک نوێنەری خۆی بۆ بەرزترین دەزگای تەشریعیی وڵات دەستنیشان دەکات؟ ئایا پێوەرەکان لای هاووڵاتیانی ئێمە: بڕوانامەی زانستی و توانا و لێهاتوویيە لە ئەداکردنی کاری پەرلەمانتاریدا؟ ئایا بەپێی بەرنامەی کاری کاندیدەکە و ئەو حزب و فراکسیۆنەیە کە لە هەڵمەتی پروپاگەندەی هەڵبژاردندا ڕای دەگەیەنێ؟ ئایا چالاکیی ئەو کاندیدەیە لە ڕووی نەتەوەیی و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانەوە؟ ئایا کاتێک دەنگ بە کاندیدەکە دەدات، بەرژەوەندیی باڵای وڵاتەکەی و هەرێمەکەی لەبەرچاوە؟

بەداخەوە ئەوەی من لەم هەڵبژاردنانەی ڕابردوودا بینیومە، ئێمە و هاووڵاتیی کوردستانی و عێراقییەکانیش، زۆرینەمان بەپێی هیچ کام لەو پێوەرانە دەنگ نادەین. ئێمەی با بڵێین (عێراقی) هەموومان گیرۆدەی لایەنە سیاسییەکانین، واتا مێشکی هاووڵاتیی عێراقی جگە لە تاک و تەرامان، ئیتر هەموو بەر لە هەڵبژاردن و دەسپێکی پروپاگەندە بۆی، خۆمان یەکلایی کردۆتەوە کە سەر بە چ ئایدیا و لایەنێکی سیاسین، کەواتە ئەو هۆشیارییە سیاسییەی کە باسی لێوە دەکرێت لەلای ئێمە بوونی نییە، چۆن؟

ئەگەر وا نەبوایە، پێویستە ئەو پێوەرانەی کە پێشتر باسم لێوە کردن، ئێمە هەموومان بەپێی ئەو پێوەرانە کەسەکان هەڵبژێرین کە بچنە ناو ئەو جومگە هەستیارانەی دەوڵەتەوە بە تایبەتی پەرلەمانتاران کە دەبنە نوێنەرانی گەل، بەڵام بەداخەوە هیچ لەو پێوەرانە ڕەچاو ناکرێن.

بەڵکوو پێوەرەکانمان بۆ هەڵبژادنی کەسەکان ئەمانەن:

- کاندیدەکە سەر بە چ مەزهەب و ئایین و نەتەوەیەکە؟
- سەر بە چ لایەنێکی حزبییە؟ بێ شک لەم بارەیەوە هەمومان خۆمان یەکلایی کردۆتەوە و هەموومان دابەش بووین بەسەر لایەنەکاندا.
- ئایا سەر بە ماڵبات یان بنەماڵە یان بە عەشیرەتی ئیمەیە؟ یاخود چەند نزیکە لێمانەوە؟

کەواتە ئێمە ئەو لایەنە لێک نادەینەوە کە ئایا ئەمە چەند دەتوانێت ببێتە نوێنەری ڕاستەقینەی گەل، چەند دەتوانێت خزمەت بە هاووڵاتی و وڵاتەکەمان و پرۆسەی ئیدارەدان و حوکمڕانی بکات، چەند دەتوانێت مافەکانی هاووڵاتی دەستەبەر بکات و ژیانی خۆش کات؟ چەند دەتوانێت مافەکانی هەر تاکێک لە ئێمە گەرەنتی بکات بەبێ ئەوەی بیر لە بەرژەوەندیی تاکەکەسی حزبەکەی بکاتەوە. بۆیە لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئەمەیە هۆشیاریی سیاسی لەناو کۆمەڵگەی عێراقدا؟

سەبارەت بە ناوچەکانی تری عێراق جگە لە کوردستان، کێشەیەکی زۆر گەورەتر هەیە کە ئەم کێشەیە لە هەرێمی کوردستاندا سەری هەڵنەداوە و بەو هیوایەم هیچ کات نەیەتە ئاومانەوە، ئەویش کێشەی مەزهەبی و ئایینییە. لە عێراقدا دەنگدان نەک تەنیا بەپێی ئایینەکەیە کە ئایا ئیسلامە یان کرستیانە یاخود سەر بە هەر ئایینێکی ترە، بەڵکوو کێشەی عێراق مەزهەبی کاندیدەکەشە کە ئاخۆ شیعە یان سوننەیە کە ئەمە گەورەترین کێشەی سەدەی بیست و یەکە لەم ناوچەیەدا.

بە پێچەوانەوە ئەو هۆشیارییە سیاسییەی کە بەشێکی زۆر لە چاودێران دەڵێن لە ئەمەریکادا نییە، من بە پێچەوانەوە دەیبینم لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی:

١- هاووڵاتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەوەندەی بیریان لە بەرژەوەندیی وڵاتەکەیانەوە لە ڕووی ئابووری و بوژانەوەوە کردۆتەوە، ئەوەندە بیریان لە لایەنە سیاسییەکە نەکردەوە کە بەپێی بەراوردەکان سەبارەت بەم سەرۆکە و سەرۆکی پێشووی ئەو وڵاتە، ئێستا ئەمەریکا بوژانەوەیەکی زیاتری ئابووریی بە خۆیەوە بینیوە لەچاو ساڵانی پێشوو، لەگەڵ هەموو ئەو هەڵە سیاسییانەی کە ترەمپ دەیکات.

٢- هاووڵاتیی ئەمەریکی تەماشای کاندیدەکە ناکات کە سەر بە چ حزب و لایەنێکە، یان پێستی چ ڕەنگە (سپي پێستە یان ڕەشپێست) یاخود لە ڕووی ئایینیەوە چییە، ئەگەر وەها بیریان بکردایەتەوە ئەوا هیچ کات کەسێکی وەکوو باراک ئۆباما بە ڕەگوریشەی ئایینی جودا و بە بنەچە ئەفریقیی ڕەشپێست، بۆ دوو خول نەدەبووە سەرۆکی گەورەترین وڵات لە جیهاندا.

مافی بەکارهێنانی ڤیتۆ لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی

عەبدوڵڵا شاخەوان
توێژەری یاریدەدەر

دەرکەوتنی زاراوەی مافی ڤیتۆ، دەگەڕێتەوە بۆ دوای کۆتاییهاتنی دووەم جەنگی جیهانی و دامەزراندنی دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٥ و مافی ڤیتۆ ناونراوە بە مافی هەڵوەشاندنەوە (حق النقض). ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایش ١٥ ئەندامە، بەڵام مافی ڤیتۆ تەنیا دراوەتە ٥ ئەندامی هەمیشەیی ئەم ئەنجوومەنە و ١٠ ئەندامەکەی تری کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دوو ساڵ جارێک هەڵیاندەبژێرێت و ئەندامەکان بە شێوەیەکی بەردەوام نوێنەریان لە ئەنجوومەنەکەدا هەیە، سەرۆکایەتیی ئەم ئەنجوومەنە لەنێوان ئەندامەکانیدا هەموو مانگێک دەستاودەست دەکرێت و ئەمەش بەپێی ریزبەندی پیتی ناوەکانیان رێک دەخرێت، هەڵبژاردنی ئەم ئەندامانە لەسەر چەند بنەمایەکی دیاریکراو دەبێت، لەوانە توانای ئەو دەوڵەتە بۆ پاراستنی ئاسایش و ئاشتی لەنێوان دەوڵەتەکاندا و هەر ئەندامێک لەم ئەنجوومەنە تەنیا یەک دەنگی هەیە. لە رووی سیاسییەوە مافی ڤیتۆ بریتییە لەو مافەی کە تایبەت کراوە بە پێنج ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش، ئەم مافە دەسەڵاتی رەها دەداتە ئەم ئەندامانە کە هەر بڕیارێک لە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش هەڵبوەشێننەوە و دواتر لە کاری بخەن. وشەی ڤیتۆ لەبنەڕەتدا وشەیەکی لاتینییە، بە واتای رازینەبوون دێت لەسەر شتێک، لەکاتی رازینەبوون لەسەر هەر بڕیارێکی پێشکەشکراو هیچ جۆرە روونکردنەوەیەک نادرێت لەسەر هۆکارەکانی رازی نەبوون و رەتکردنەوەی بڕیارەکە و مافی ڤیتۆ لە بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئاماژەی پێ کراوە. ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش پێکهاتوون لە وڵاتانی (چین، فەرەنسا، بەریتانیا، رووسیا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا) و رازی نەبوونی یەکێک لەم دەوڵەتانە بەسە بۆ ئەوەی ئەو بڕیارەی پێشکەش کراوە بە شێوەیەکی کۆتایی هەڵبوەشێتەوە، هەتا ئەگەر هاتوو ١٤ ئەندامەکەی تریش لەسەر بڕیارەکە رازی بوون، ئەوا ئەم رازیبوونە هیچ کاریگەرییەکی نابێ لەسەر بڕیاری هەڵوەشاندنەوەکە، هۆکاری گەڕانەوەی ئەم دەوڵەتانە بۆ بەکارهێنانی ڤیتۆ بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیانە، یان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی وڵاتێکە کە یەکێک لەو ئەندامانەی مافی ڤیتۆکە بەکار دەهێنێ، بە هاوبەشی سەرەکیی خۆی دادەنێ و دەیەوێت بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت، بەڵام لە کاتی بەکارنەهێنانیدا هیچ رێگرییێک بۆ جێبەجێکردنی هەر بڕیارێک دروست نابێت، لەکاتی دروستبوونی نەتەوە یەکگرتووەکان تاوەکوو ئێستا چەندین جار مافی ڤیتۆ لەلایەن ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش بەکار هاتووە، بۆ نموونە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ٧٦ جار بەکاری هێناوە، رووسیا ١٢٣ جار بەکاری هێناوە ، فەرەنسا ١٨ جار بەکاری هێناوە، بەریتانیا ٣٢ جار بەکاری هێناوە، بەڵام بەراورد بەم چوار دەوڵەتە چین تەنیا ٧ جار بەکاری هێناوە. لە راستیدا بنەمای جێبەجێکردنی مافی ڤیتۆ ناهاوسەنگییەکی تێدایە کە بالانسێک نییە لەنێوان مافی ڤیتۆ و بنەمەکانی تری دیموکراسیدا، چونکە ئەندامە هەمیشەییەکان بەشێوەیەکی دیموکراسی هەڵنەبژێردراون، چونکە بڕیاری یەکلاییکەرەوە لەکۆتاییدا دەکەوێتە ئەستۆی ئەندامە هەمیشەییەکان، ئەمەش بەهۆی ئەوەی پاراستنی ئاسایش و ئاشتیی نێودەوڵەتی دەکەوێتە ئەستۆی ئەم پێنج ئەندامە، وڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانن بەشداریی بکەن لە گفتوگۆکانی ئەنجوومەنی ئاسایشدا، بەڵام مافی ئەوەیان نییە دەنگ لەسەر هیچ بڕیارێک بدەن، یەکێک لە لایەنە نێگەتیڤەکانی مافی ڤیتۆ لە دۆزی فەلەستیندا دەبینرێت، چونکە ئەو مافەی دا بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە پاڵپشتیی ئیسرائیل بکات لە هەڵوەشاندنەوە و لە باربردنی هەر بڕیارێک کە وا بکات داگیرکاریی ئیسرائیل لەسەر فەلەستین کۆتایی پێ بهێت، ئەمەش بووە هۆکار بۆ ئەوەی لە هەموو رووێکەوە شک و گومان لەسەر سەنگ و قورسایی و دەسەڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان دروست ببێت. لەکۆتاییدا دەبێ ئەوە بزانین کە زۆربەی ئەو بڕیارانەی ئەنجوومەنی ئاسایش دەیدات بەهۆی مافی ڤیتۆوە جێبەجێ ناکرێت، هەروەها ئەو پێنج ئەندامەی کە براوەی دووەم جەنگی جیهانین، رەنگدانەوەی سیاسەتی ئێستای جیهان نین، بۆ نموونە بەریتانیا و فەرەنسا لە کاتی ئێستادا گەورەترین و بەهێزترین هێزی سەربازی و ئابووری نین لە جیهاندا، هەروەها ئەگەر هاتوو مافی ڤیتۆ هەڵوەشایەوە ئەوا ئەنجوومەنی ئاسایش زیاتر دیموکراسی دەبێت و رای زۆرینەی ئەندامەکان کاری پێ دەکرێت، ئەمەش لە ئەنجامدا وادەکات زۆربەی کێشە نێودەوڵەتییەکان چارەسەر ببن.

هۆکارەکانی جیابوونەوەی هاوسەران و هەرەسهێنانی خێزان

ڕێزان جلال
قۆناغی چوارەم- بەشی یاسا

هەرەسهێنانی خێزان و دیاردەی جیابوونەوە، بە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و پەتایەکی ترسناک دادەنرێت لەناو کۆمەڵگادا، نەخاسمە ئەو کۆمەڵگانەی کە خێزانیان لا دەرزگایەکی کۆمەڵایەتیی گرنگە، جیابوونەوە دیاردەیەکی بەربڵاوە لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا، لە کۆمەڵگای کوردیشدا بەپێی ئامارەکان پەرەی سەندووە، بۆیە بە باشم زانی ئەم بابەتە بوروژێنم.

خۆشەویستی وشەیەکە دەربڕین بۆی ئاسان نییە، جوانترین شتە لە ژیاندا، دەمارێکە لە دەمارەکانی ژیان کە خۆشەویستی نەبێت مرۆڤەکان ناتوانن بەردەوامی بە ژیانیان بدەن. خۆشەویستی زۆر لەوە گەورەترە کە ئێمەی مرۆڤ روانینمان بۆی هەیە. خۆشەویستی یارمەتیی مرۆڤەکان دەدات بۆ ژیانێکی پڕ لە جوانی و سۆز و سادەیی و ئاوێزان بە یەکتر، یارمەتیی دروستکردن و پێکهێنانی خێزان و کۆمەڵگا دەدات.

دروستبوونی بۆشایی سۆز و خۆشەویستی لەناو ژیانی هاوسەرانی تازە پێگەیشتوودا، بەهۆی راگەیاندنەکان و کتێب و گۆڤارەکانەوە جوان کراوە و رازێنراوەتەوە نەک گرینگی بەڵکوو لاوان هان دەدات بۆی، ئایە ئەمە پەنایە بۆ خۆشەویستی؟

لەو نووسینەدا دەست دەخەمە سەر برینەکانی هاوسەران و ئەوانەش کە دەیانەوێت ژیانی هاوسەری پێک بهێنن و ئاگەداریان بکەمەوە لەو هۆکارانە.

چرکەیەک بۆ هەموو ژن و مێردێک، بۆ هەموو کچ و کوڕێک کە ژیانی هاوسەرگیری پێک دەهێنن کە ئاگەداری خۆیان بن و پاپۆڕی خێزانییان لە نقومبوون بپارێزن.

١- زۆر نەکردن بە هەر هۆیەک لە کوڕ و کچ بۆ هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێک کە نایانەوێت.

٢- گرینگی نەدان بە هەڵوێستی شەرع بۆ هاوسەرگیری و موراعات نەکردن و تێنەگەیشتنی دەروونی نێوان کچ و کوڕ.

٣- باش هەڵنەبژاردن لە سەرەتاوە یان هەڵبژاردنێکی نادروست.

٤- جیاوازیی زۆری تەمەن لەنێوان هەردوو لادا .

الغلط و الجريمة الظنية



د. عماد فتاح اسماعيل
مدرس القانون الجنائي

للغلط في عدم الإباحة تسميات عدة من قبل فقه القانون من أهمها الجهل بالإباحة أو الجريمة الظنية أو الجريمة الوهمية. وتفترض هذه الحالة توافر سبب الإباحة في الواقع مستكملاً لشروطه وعناصره ومقترناً بالجريمة التي ارتكبها الجاني فعلاً، غير أن الجاني يكون قد انتابه وهم واعتقد على سبيل الغلط عدم توافر ذلك السبب أو عدم استكماله لشروطه وعناصره، فالجريمة الظنية تعني توهم الفاعل تخلف السبب المبيح الذي أجازه القانون مع إنه في الواقع كان قائماً. كما لو أن جندياً في الجيش عقد النية على قتل ضابطه تشفيًا ونكايةً وحقداً عليه، فلاحظ عن بعد شخصاً قادماً فظنه الضابط المقصود، فأطلق عليه عياراً نارياً أرداه قتيلاً في الحال، فإذا بالقتيل جندياً من جنود الأعداء.

والقاعدة المقررة في هذه الحالة أن «الجهل بالإباحة أو الغلط فيها لا يحول دون توافرها والاستفادة منها»؛ حيث إن أسباب الإباحة ذات طبيعة موضوعية تنتج آثارها بمجرد توافر شروطها وقيودها التي يحددها القانون، سواء في ذلك أعَلِم مرتكب الفعل بذلك أم غلط فيه، لأن العلم عنصر شخصي وهو في الأصل ليس شرطاً للإباحة، بل يكون شرطاً لها استثناءً حين تقوم أسباب الإباحة على عناصر شخصية. وتتعلق أسباب الإباحة بموضوع الفعل المادي المرتكب ولا تتعلق بشخص الفاعل، وهكذا فإنه متى يصبح الفعل مشروعاً بسبب وجود أحد أسباب الإباحة، فإن الفاعل لا تلحق به أية مسئولية جنائية سواء أعَلِم بسبب الإباحة هذا أم لم يعلم، لأن الفعل في الأصل كان مباحاً وسقطت عنه الصفة الجرمية، وعليه فلا ينظر إلى علم الفاعل بتوافر الإباحة من عدمها ما دام العلم بها غير لازم قانوناً. بمعنى أن الفعل في هذه الحالة يكون مباحاً، إذا كان سبب إباحته قائماً من الناحية الموضوعية، سواء علم به مرتكب الفعل أم لم يعلم. وفي كل الأحوال تعد الإباحة متوافرة واجبة التطبيق بتحقق شروطها ولو غلط الفاعل فيها أو أنكرها ولم يطالب بها بسبب الصفة الموضوعية لأسباب الإباحة التي تحدث أثرها من حيث تعطيل نص التجريم بغض النظر عن الحالة النفسية لمرتكب الفعل، وعلى الرغم من عدم قيام المشرع الجنائي العراقي بالنص صراحة على ذلك الحكم، إلا أنه وضع نصاً عاماً يسري على كل الحالات التي يجهل فيها المتهم عذراً يمكن أن يستفيد منه، فنص في المادة (٣٦) من قانون العقوبات العراقي على أنه «إذا جهل الفاعل وجود ظرف مشدد يغير من وصف الجريمة فلا يُسأل عنه، ولكنه يستفيد من العذر ولو كان يجهل وجوده». ونعني بالجهل هنا ذلك الذي يكون مصدراً للغلط، إذ إن الفاعل نتيجة جهله بتوافر الوقائع والشروط التي أوجدت سبب الإباحة، يعتقد عدم توافره خلافًا للحقيقة عند ارتكابه الفعل المباح الذي يظنه غير مباح.

و نظرًا لعدم وجود نص يحكم هذه الحالة في قانون العقوبات الألماني اتجه الفقه الألماني إلى الانقسام إلى ثلاثة اتجاهات وهي كالآتي:

الاتجاه الأول: ذهب جانب من الفقه الألماني إلى أن سبب الإباحة – متى وجد ماديًا – فإنه يبيح فعل الفاعل ويزيل عنه وصف الجريمة ولو لم يكن الفاعل عالماً بوجوده أو قاصداً إعماله. بمعنى أن سبب الإباحة متى توافر فعلاً واستكمل عناصره التي قررتها القاعدة القانونية المبيحة، ينتج آثاره المبيحة بطريقة موضوعية بحتة لا تتوقف على علم الجاني بوجود سبب الإباحة أو استكماله لشروطه وعناصره القانونية. ومن ثم فإن اعتقاد الفاعل على سبيل الغلط تخلف سبب الإباحة أو أحد عناصره لا يحول دون استفادته من سبب الإباحة وامتناع مسئوليته عن جريمته، وذلك لزوال عدم مشروعيتها.

الاتجاه الثاني: أما الأساتذة (Maurach) و (Welzel) و (Niese) ذهبوا إلى القول بأن سبب الإباحة لكي ينتج أثره القانوني، لا بد من أن تكون إرادة الفاعل قد انصرفت إلى الأخذ بالسبب المبيح عند ارتكابه الجريمة، وإلاّ فإن الفعل يبقى في إطار التجريم، بمعنى أن سبب الإباحة كما هو حال الجريمة ينبغي أن يكون قائماً في نفسية الجاني إلى جانب توافره المادي الواقعي، فلا ينتج سبب الإباحة أثره إلاّ بانصراف إرادة الجاني إلى إعمال هذا السبب، وذلك يقتضي بداهةً علم الجاني بالوجود الفعلي لهذا السبب وبتكامل عناصره. وهكذا، فإن اعتقاد الفاعل على سبيل الغلط وخلافًا للواقع عدم توافر هذا السبب لا يبيح جريمته ولا يرفع عنها صفة عدم المشروعية، بل يبقيها قائمة ويبقى الفاعل مجرمًا يستحق العقاب. ومن أهم الأمثلة التي ضربها (Niese) على ذلك، أن من يتلف زجاج الجار حقدًا وتشفياً، وينقذ الجار على غير علم وإرادة من الموت تسممًا بأكسيد الكربون، إذ كان موته سيتحقق لو بقي الزجاج سليمًا بدون أن تنفتح ثغرة فيه لا يستطيع درء المسئولية عن جريمة الإتلاف بحالة الضرورة لأن إرادته لم تكن منصرفة إلى مواجهة هذه الحالة.

الاتجاه الثالث: ذهب جانب آخر من الفقه الألماني إلى وضع حل وسط بين الرأيين باعتبار أن الواقعة تعد مجرد شروع في الجريمة، على اعتبار أن الفاعل قد بدأ بتنفيذ الفعل بقصد ارتكاب جريمته، ولكن خاب أثرها حين تبين أن هذا الفعل الذي ارتكبه قد أباحه القانون خلافًا لاعتقاده، وهكذا ينسب إلى الفاعل مجرد شروع في ارتكاب الجريمة غير التامة.

ولم يقف المشرع الإيطالي مكتوف الايدي، بل لقد تناول حلاً لهذا الموضوع بصورة واضحة في نص صريح جاء في المادة (٥٩) من قانون العقوبات الإيطالي عام ١٩٣٠ قائلاً بأن «الظروف التي من شأنها تشديد العقاب أو تخفيفه أو استبعاده، تقدر ضد الجاني أو لصالحه حتى لو كانت مجهولة منه أو كان يعتقد على سبيل الغلط عدم توافرها، ما لم ينص القانون على خلاف ذلك». لذا فأسباب الإباحة بموجب هذا النص تمثل الأسباب غير الخاضعة للعقاب، وبناءً على الأساس الموضوعي أقام المشرع الإيطالي فاعلية أسباب الإباحة وتأثيرها في إباحة الجريمة، سواء علم الجاني بأسباب الإباحة أم لم يعلم بها فإنه يستفيد من فاعليتها؛ أي يكفي توافرها الواقعي فقط لرفع عدم المشروعية عن الجريمة وإباحتها بنص القانون، وعلى هذا فان اعتقاد الفاعل على سبيل الغلط تخلف هذه الأسباب لا يؤثر مطلقًا في تأثيرها المبيح لجريمته. وقد ذهب الفقه الإيطالي في سبيل تبرير ذلك قائلاً: إن الفاعل قد حقق ماديًا الأساس الاجتماعي الذي تقررت الإباحة من أجله ولو كانت نيّة صاحبه لم تتجه إلى هذا التحقيق.

کۆماری میللیی چین

زۆرترین ژمارەی دانیشتووان و دووەم زلهێزترین ئابووری



هێدی هێمن
قۆناغی دووەم- بەشی یاسا

ئەم وڵاتەی بە (چین) ناسراوە، ژمارەی دانیشووانەکەی زیاتر لە ١,٣ ملیار کەسە، بەمەش دەبێتە پڕدانیشتووانترین وڵاتی جیهان.

چین لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا هەڵکەوتووە، پایتەختی کۆماری میللیی چین شاری پەکینە. ئێستا دەسەڵاتی چین لەسەر جۆری سۆشیالیستی کۆمۆنیستی دەڕوات بەڕێوە و سیستەمی مەرکەزی پەیڕەو دەکات.

چین وڵاتێکی تاک پارتیی فەرمانڕەوایە، واتا فرەحزبی نییە. شی جین ثین سەرۆک کۆمارە و سەرۆک وەزیرانیش قەن جیابائۆ.

دوای وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە، چین لەسەر بیرۆکەی مارکس و ئەنگەڵس ئابوورییەکی پتەویان دارشت تا وەکوو لە قەیرانەکانیان ڕزگار بن کە بەهۆی زۆریی فشاری دانیشتووانەوە ڕووبەڕووی بوونەوە. ئابووریی چین هەردەم بەرەو پێشەوە چووە و گەشەی کردووە، بەتایبەتی زۆرینەی داهاتی بەرهەم هێنانەوە. لەسەر ئاستی جیهانیشدا، ئابووریی چین لە پلەی دووەمدا دێت لەدوای ئەمریکا کە سەرمایەگوزارییەکەی لە ساڵی ٢٠١٤دا ١١,٦ ترلیون دۆلار بووە.

لە ساڵی ١٩٨٦ەوە ئیدی کۆماری میللیی چین بیری لەوە کردەوە کە گرنگیی زۆرتر بە لایەنی پەروەردە و فێرکردن بدرێت لەوەی گرنگی بەلایەنی سەربازی و شەڕ بدات، هەر بۆیە لەو کاتەوە تا ساڵی ٢٠٠٧ی زایینی، ٣٩٨,٥٦٧ خوێندنگای سەرەتایی بنیات نراوە و ٩٤,١١٦ خوێندنگای ناوەندی بنیات نراوە، ئەم ژمارانەش بۆ ڕێژەی دانیشتووان گونجاوە. حکوومەتی چین لە ماوەی پێنج ساڵدا زۆرتر لە ٢٨ ملیار دۆلاری لە کەرتی پەروەردەدا خەرچ کرد. لە کردنەوەی زانکۆ و پەیمانگاشدا چین کەمتەرخەم نەبووە جۆرەها زانکۆی جۆراوجۆری لە گشت بوارەکاندا کردووەتەوە لە ناوبانگترینیان:

لە شاری پەکین:

زانکۆی پەکین، زانکۆی چینگوا، زانکۆی پەکینی تایبەت بە مامۆستایان، زانکۆی ڕەنمین.

لە شاری شەنگەهای:

زانکۆی شەنگەهای، زانکۆی ڕۆژهەڵاتی پەکین تایبەت بە مامۆستایان

لە شاری هاربین:

پەیمانگای هاربین تایبەت بە ئای تی و تەکنەلۆژیا

زانکۆی زانست و تەکنەلۆژیا

زانکۆی وهان

زانکۆی شیانگ

چین سێیەم گەورە وڵاتی جیهانە لەڕووی ڕووبەرەوە ئەمەش لەپاش ڕووسیا و کەنەدا دێت، سنووری چین بە چوارده دەوڵەتەوە لکاوە، ئەوانیش لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا هەریەکە لە ڤیەتنام و لاوس و میانمار، لە باشووریشەوە هەریەکە لە هیندستان و نیپال و بووتان و پاکستان دێن، لە ناوەڕاستی ئاسیاشدا چین بەستراوە بە هەریەکە لە ئەفغانستان و تاجیکستان و کازاخستان و قیرغیزستانەوە، لە باکووری ئاسیا چین بە هەریەکە لە کۆریای باکوور و ڕووسیای فار ڕۆژهەڵات لکاوە.

بەپێی ئامارەکانی ساڵی ٢٠١٤ ژمارەی دانیشتوانی کۆماری میللیی چین ١,٣٩٣,٧٨٣,٨٣٦ کەس بووە کە دەکاتە ١٩.٢٤ لەسەدی ڕێژەی خەڵکی جیهان.

تێکڕایی تەمەنی خەڵکی ئەم وڵاتە ٣٥.٧ ساڵە. هەروەها ٥٤ لە سەدی دانیشتوانی وڵات لە شارەکاندا دەژین.

بەپێی سەرژمێری زۆرتر لە نیوەی دانیشتیوانی چین هیچ ئایینێکیان نییە، جگە لەوەش کۆمەڵەی تر هەن پەیڕەوی کۆنفۆشی و بوزی و مەسیحی و ئیسلام دەکەن، لە چین هەڵبژاردنی ئایینی تاکەکەس ئازادە، بەڵآم لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە بیروبۆچوونی ئایینی کەسی بەرامبەر دەبێت.

خەبات و بەخشین

لە دیدگایەکی سەیرەوە سەیری هێزە شاراوەکانی ژیانت بکە



جوامێر سەرباز
قۆناغی چوارەم- بەشی یاسا

سەیر نەبێت بەلاتەوە ڕۆژێ کەسێک بێتە بەردەرگای ماڵەوەت و بڵێت تۆ کەسێکی من پێویستم پێتە! زۆر سەیرە ئەگەر یارمەتیی نەدەیت! بەڵێ سەیرتر لەوەدایە من خەباتگێڕ بم تۆش بەخشەرەکە بیت. ئاساییە ژیان وا دروست دەکرێت، یادەوەرییەکان دەشارینەوە و شتە جوانەکان ون دەکەین، هەرچی خراپی و ناشیرینە دەری دەخەین. بەڵێ ئیتر دروستکەر کێ بێت و ڕووخێنەر کێ بێت؟ سەیرە! ئەگەر پرسیارێک لە خۆت بکەیت ئایا کەس تۆ بونیات دەنێت؟ بەڵێ؟ کەوایە کێ؟ کەس! (نییە × هەیە)، ببوورە من دەڵێم نییە، لەکاتێکدا خۆت خاوەنی خۆت نیت، هەیە لە کاتێکدا تۆ خاوەنی هەموو کەسێکی! سەیر نەبێت بەلاتەوە ئەوەی هەموو کەس بێت خودە نەک کەسێکی دوورەدەست ئیتر وایە .

لە چەرخێکی سەیرداین، جیاوازیی بوون و نەبوون = بە هەبوون، لێرەدا بیزانە تۆ هەیت، خاوەنی خودیت، ئەوەی دژتە بەخشەرە نەک خەباتکار، کاتێ ویستت خود بونیات بنێیت، دەبێت ناخێکی سادە و پاک و خەباتکار دروست بکەیت، ئیتر تۆ خاوەن هەموو کەسیت. واتە خودی کەسی بەرامبەر بۆ تۆ دەبێتە بەخشەر، کەوایە خەباتکارێکی بەخشەریت؟ ئیتر لێرەوە زیاتر هەوڵ بدە بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەت بدۆزیتەوە، وەک خەوێکە بتوانیت کەسێک بدۆزیتەوە کە خەیاڵی بێ واتات بۆ بدۆزێتەوە، ئیتر تۆ براوەی. کەچی بۆ خودی خۆت دۆڕاویت، چونکە بۆ دۆزینەوەی کەسی بەرامبەر، تۆ خودی خۆت کرد بە خۆڵەمێشی پەپوولەیەک. لێرەدا بەدوای کەس مەگەڕێ، ئەگەر ویستت بگەڕێیت، ئیتر دەکەویتە چاڵێک بۆ کەسی بەرامبەرت.

گوتراوە و زانراوە کە تۆ خاوەنی هەموو شتێکی، کەچی لە تێنوویەتیدا دەخنکێیت و لە برسیەتیدا دەمریت، ڕاستە گوتراوە من و تۆ دوو کەسی جیاین، بۆیە پێت بەقەد بەڕی بەر پێت بهاوێژە، سەیرە لام. واتە لای تۆ من دەوڵەمەندێکی هەژارم، من تێرێکی برسیم، من ئاسۆیەکی ڕووناکی تاریکم. ئیتر لێرەوە سەیرە.

ڕاستە دەوڵەمەندم کە پارەم بۆ خۆشی و پێویستی نەبێت، هەژارم کە خواردن هەبێت زیاد داگرم و ڕەزیل بم، برسیم کە بۆ هیوا و ئاواتم بژیم ئاسۆم ڕووناکە، کە تۆ هاتیە بەردەمم، ئیتر تاریکم. بۆیە ڕێگەم دوورە، ئەگەر دەتەوێت ڕێگەم بگری، بزانە ژیانی خۆت دەخەیتە بەر بەخشینی ڕێیەکەم، بۆیە کە خەباتم کرد تۆ خۆبەخش مەبە.

یارییە ئەلیکترۆنیەکان... زیان و سوودەکانی

گۆران شێرزاد
قۆناغی چوارەم- بەشی یاسا

منداڵەکانی نەوەی ڕابردوو ڕاهاتبوون بەو جۆرە یارییانەی کە پەیوەندییان بە تواناکانی مێشک و جووڵەی جەستەوە هەیە، بەڵام پاش پێشڤەچوونی تەکنۆلۆژیا و داهێنانی کۆمپیوتەر و هاتنەئارای یارییە ئەلیکترۆنییەکان و بوونیان لە هەموو ماڵێکدا نەخاسمە بۆ منداڵان، ئەم داهێنانە منداڵی ئەم سەردەمەی لە یارییە تەقلیدییەکانی جاران دوور خستەوە و زۆرینە ڕوویان لە یارییە ئەلیکترۆنییەکان کرد، کە دەکرێنە سێ جۆری سەرەکی:

١- یارییە زیرەکەکان: ئەم جۆرە یارییانە جەخت لەسەر مێشک و بیرکردنەوەی ڕاستی بەکارهێنەرەکە دەکات بۆ بڕیاردان، ئەمەش پێویستی بە بیرکردنەوەی زۆرە، بۆ نموونە (شەترەنجە ئەلیکترۆنییەکان).

٢- یارییە چێژبەخشەکان: ئەم جۆرە یارییانە زیاتر بۆ چێژوەرگرتن و پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکان دەبێ، جەخت لەسەر کاردانەوەی بەکارهێنەرەکە دەکات، ئەوەی ئەم یارییە جیا دەکاتەوە لەوانی تر کە زۆر سەرنجڕاکێشە ئەمەشیان بۆ وێنە و دەنگ و ڕەنگەکانی دەگەڕێتەوە کە سەرنجی منداڵان و هەرزەکاران بەلای خۆیدا پەلکێش دەکات.

٣- یارییە فێرکارییەکان: زیاتر بۆ کۆکردنەوە و چێژبەخشین و یاریی یەکسانی لەنێویدا کە ئەمەش دەبێتە هۆی گواستنەوەی زانیاری بۆ ئەو کەسەی یارییەکە دەکات، بۆ نموونە بیرکاری و مێژوو و زانست و زمان، نمونەش بۆ ئەم یارییە تایبەتە بە (فێرکاریی منداڵان بۆ پیت و ژمارە و نووسین).

زیانەکانی یارییە ئەلیکترۆنییەکان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە:

١- دەبێتە هۆی ئاڵودەبوونی منداڵان و هەرزەکاران بەو یارییانەوە کە گرفتی گەورەیان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ چێ دەکات.

٢- کاراکتەری خەیاڵی لەناو یارییەکان هەیە، ئەمەش دەبێتە پچڕاندنی هزری منداڵەکە لە ژیانی واقیعیی خۆی و دوودڵی و شەڕ و بەکارهێنانی توندوتیژیی بەدوادا دێت.

٣- وا دەکەن منداڵی دورەپەرێز و گۆشەگیر لە کۆمەڵگادا دروست بێت، چونکە چەندین کاتژمێر بەدیار ئەو یارییانەوە دادەنیشێت بەبێ ئەوەی قسە بکات لەگەڵ دەوروبەر.

٤- ئەم یارییانە دەبنە هۆی جیابوونەوەی خێزانەکان هەروەها زیادبوونی پەیوەندیی منداڵەکە بە کۆمەڵگەی بیانی و جیابوونەوەی لە کۆمەڵگە و کولتووری خۆی.

٥- دەبنە هۆی دروستبوونی منداڵی خۆپەرست بۆ تێرکردنی ئەو شتانەی خۆی دەیەوێت، بەبێ گوێدانە دەورو بەر.

٦- منداڵ تووشی ڕێگاکانی فیڵ و دزی دەکات لە دایک و باوکیان چونکە وا دەکات لە هەندێک لەم یارییانە پارەوپوڵ سەرف بکەن.

زیانەکانی یارییە ئەلیکترۆنییەکان لە ڕووی تەندروستییەوە:

١- تووشبوون بە نەخۆشیی ئێسک و ماسوولکەکان، لەبەرئەوەی دەبنە هۆی هەڵچوونی بەکارهێنەر و ئەنجامدانی جووڵەی خێرا و دووبارەکردنەوەی هەروەها زیان بە پەنجەی گەورە دەگەیەنێت.

٢- نەخۆشیی ژانی خوارەوەی پشت، بەهۆی زۆر دانیشتنەوە بۆ چەندین کاتژمێر بەدیار کۆمپیوتەر و تیڤیەوە .

٣/وە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ زەرەر بە چاوی بەکارهێنەر دەگەیەنێت و ئەگەری زۆر هەیە تووشی لاوازی چاوەکان بێت بەهۆی دەرچوونی تیشکی کارۆموگناتیسی شاشەکانی کۆمپیوتەر و تی ڤیەوە.

سوودەکانی یارییە ئەلیکترۆنییەکان:

١- هەندێک جۆری ئەم یارییانە دەبنە هۆی بەرزکردنی ئاستی تەرکیزکردنی منداڵ لەسەر یارییەکە و زیرەکبوونی.

٢- هەندیک جۆری تریان دەبنە هۆی بەرزبوونەوەی بەهرەمەندیی منداڵ لە لایەنی ئەکادیمی و کۆمەڵایەتییەوە بۆ نموونە: بەهرەی کۆپیکردن، نووسین و گەڕان بەدوای زانیاری و فێربوونی زمانی بێگانە.

٣- یارمەتیی منداڵ دەدات تا پشت ببەستێت لەسەر هەنگاوی ستراتیژیی دیاریکراو بۆ گەیشتن بە ئامانج .

٤- منداڵان دەناسێنێت بەو جیهانەی کە تێیدا دەژین و تەماشاکردنیان بۆ ژینگەیەکی نوێ.

٥- باشکردنی هێز و توانای منداڵ، ئەویش بە جوڵاندنی دەستەکانی و بەکارهێنانیان بە شێوەیەکی سروشتی کە یەکسان بێت لەگەڵ جووڵەی چاوەکانی.

سەپەرشتیار: راگرایەتیی کۆلێژی یاسا

شایان

Şayan

سەرنووسەر:
هێرۆ ئیسماعیل عارف

هاوکاران:
عەبدوڵڵا شاخەوان
هۆگر حەیدەر

ئینتەرنێت کۆمەڵگا بۆ کوێ دەبات؟



سارا سەباح حەسەن
قۆناغی دووەم- بەشی یاسا

تەکنەلۆجیا بە تایبەت ئینتەرنێت بووەتە پێویستییەکی ڕۆژانە بۆ سەرجەم چین و تویژەکانی کۆمەڵگا، چونکە ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، بە تایبەت لە فەیسبووک ڕۆژانە بابەت و بۆچوون و بیروڕا و ڕووداو و نوێکاریی زیاتر دەبینرێت، بەهۆیەوە هەموو دانیشتوان بە خوێندکار و گەنجەوە زیاتر وابەستەی دەبن، ئینتەرنێت وای کردووە هەر زانیارییەک لە هەر کوێی گەردووندا بێت بەئاسانی بەدەست بێت.

هەروەها تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئامرازێکی گرنگن بۆ خاڵیکردنەوە و دەربڕینی هەستە دەروونی و ڕۆحییەکانی مرۆڤ.

ئینتەرنێت جیهانێکی بێ سنوورە، کام دەرگا ئارەزوو بکەین دەتوانین لێی بچینە ژوورەوە و ئاشنای تەواوی گەردوون بین و باش و خراپەکان ببینین.

باشە و خراپە لە دەستی خودی بەکارهێنەردایە، لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەتوانرێت حسابی بانکی هاک بکرێت، لە هەمان کاتیشدا دەتوانرێت ئینتەرنێت بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی بەکار بهێنرێت، یاخود دەتوانرێت بۆ پەیوەندیی نێوان خزم و هاوڕێ و دۆستان بەکار بهێنرێت، دەشتوانرێت بۆ کاری بەدڕەوشتی بەکار بهێنرێت. ئەمانە هەمووی پەیوەستن بە ئاستی هۆشیاریی تاکەوە دواتر کۆمەڵگا.

ئامارەکان ئەوە دەردەخەن وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پلەی یەکەم دێن لە سەیرکردن و سەردانیی سایت و ڤیدیۆ (ناشیاوەکان)، ئەمە پەیوەستە بە تێگەشتن و ئاستی هۆشیاریی تاک و کۆمەڵگا.

لە کۆمەڵگای کوردیشدا ڕۆژانە دەبیستین کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکی سەرەکیی کێشە کۆمەڵایەتیەکانن، بەهۆی خراپ بەکارهێنانی ئینتەرنێتەوە ناپاکیی هاوسەرگیری لە هەڵکشاندایە و چەندین ئافرەت بوونەتە قوربانیی ئینتەرنێت، گەر بەزوویی ڕێگە لەم شەپۆلە ناشیاوەی ئینتەرنێت نەگیرێت، کۆمەڵگای کوردی بەرەو هەڵدێر دەچێت.

بەشێکی خراپ بەکارهێنانی ئینتەرنێت دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمیی حکوومەت و سەنتەر و ڕێکخراو و گرووپەکان لە ئامادەکردنی سیمینار و وۆرکشۆپ و ڕێگەکانی تری هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا، هەروەها نەبوونی هیچ جۆرە بەربەستێکی ئەوتۆ بۆ ڕێگری لە چوونە ناو پێگە (ناشیاوەکانەوە)، چونکە بەهۆی ئاسانیەوە گەنجان و لاوان زۆر بە ئاسایی دەتوانن بچنە ناو پێگەکانەوە کە ئەمەش کارێگەریی نەرێنیی لەسەریان دەبێت..

کەمیی بڵاوکردنەوە و ئاگاداریکردنەوە لەلایەن کەناڵ و تەنانەت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەپێی پێویست کار لەسەر ئاستی هۆشیاریی تاک و چۆنێتیی مامەڵەکردنی لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان نەکراوە.

وەک ئاشکرایە هاتنی تۆڕی ئینتەرنێت و سۆشیال میدیا بۆ کوردستان لەناکاو بوو، هاوکات مشتومڕ و کێشەشی بەدوای خۆیدا هێناوە.

ثقافة الغاء الذات

هرمي جيمس ككه
المرحله الثالثة- قسم القانون

ان ثقافة الغاء الذات واحدة من أبشع الاشياء وهي عدوة الحرية، والتي تعاني منها مجتماعتنا (مجتمع شرقي ذكوري ذو طابع ديني بعيد عن التدين) وتعتبر نوعا ما من الثقافات والعادات والتقاليد الموروثة، هي ثقافة قتل الحرية الفردية والتضييق عليها ، ولحد الان نرى هذه الثقافة منتشرة حالها حال أي مرضٍ خبيث يصيب الانسان والمجتمع .

ان الفرد بطبيعة الحال، ينتمي لمجموعة وبيئة معينة وعليه الالتزام والتقيد بقوانين ومبادئ تلك البيئة والجماعة بغض النظر عن إيمانه أو عدم إيمانه بها، مقتنعاً بالمجموعة ومبادئها أو لم يكن، ومن اختلف رأيه وحاول السباحة عكس التيار وإحداث تغيير ما أو حتى ان يحلم بذلك اُعتبر مبتدعاً وأتى بشيء كريه أو ارتكب ذنباً عظيماً ، هذا اذا لم يُعتبر كافراً .

أعتقد بل متأكد، أن ثقافة قتل الحرية الفردية ودفنها هي من الاسباب المؤثرة بشكل كبير سلبياً على مجتمعنا أو بالاحرى مجتمعاتنا، وهذه الثقافة عادة ما تقود الفرد سلوك طريق الكذب والنفاق والتملق، تقود الى قتل الابداع والاحلام .. كذب ونفاق وتملق من أجل ارضاء الجماعة ومبادئها والغاء، بل نفي الذات.

مجتمعنا لا يتقبل وليس فيه مكان للذات والابداع والخروج عن القيود والتقاليد المرسومة للشخص، مجتمع تسيطر عليه في الغالب العشيرة، الطائفة والحزب.

پێویستیی گرنگیپێدانی سیستەمی تەئمین لە عێراق و هەرێمی کوردستان

هۆگر حەیدەر
توێژەری یاریدەدەر

مێژووی دەرکەوتنی کۆمپانیاکانی تەئمین لە جیهاندا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٧٢٠ی زایینی، لەم بەرواردا یەکەم کۆمپانیای تەئمین لە بواری دەریایی لە ئینگلتەرا دامەزرا، تەئمین لە ڕووی یاساییەوە پێناسە دەکرێت بەوەی (گرێبەستێکە کە بە هۆیەوە (مومن) پابەند دەکا بە پێدانی قەرەبوو بە (مومن لە) لە دەرئەنجامی ڕوودانی مەترسی لەبەرامبەر پێدانی بڕێکی خولی ئەم بڕە خولییە پێی دەڵێن قیست).

تەئمین ئەداتێکە بۆ دڵنیاییدان بە کەسی (مومن لە) چونکە (مومن لە) لە ڕێگەی تەئمینەوە هەست بە پارێزگاریی پێویست دەکا لە ئەگەری ڕوودانی مەترسییەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەسی (مومن لە) بەوپەڕی متمانە و بڕوابەخۆبوونەوە کارەکانی بکات. لەلایەکی ترەوە تەئمین ئامرازێکە بۆ کۆکردنەوەی سەرمایە، هەروەها ئامرازێکە بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی ڕوودانی مەترسییەکان، تەئمین لە ڕووی شێوەوە دوو جۆرە، جۆری یەکەمیان پێی دەڵێن تەئمینی هاوکاری، ئەو تەئمینە کۆمەڵێک کەس پەیوەست دەکات بە بەرژەوەندییەک لە چوارچێوەی دەستەیەکی هاوکاری، لە حاڵەتێکدا ئەگەر یەکێکیان ڕووبەڕووی مەترسییەکی دیاریکراو بووەوە، بە هاوبەشی قەرەبووی ئەو زیانە دەکەنەوە. جۆری دووەمی تەئمین پێی دەڵێن تەئمین بە قیستی جێگیر، لەم جۆرەی تەئمینەدا کۆمپانیای تەئمین هەڵدەستێ بە پێدانی بڕی تەئمینەکە لەکاتی ڕوودانی مەترسییەکە، لەبەرامبەر ئەو قیستە جێگیرانەی کە (مومن لە) دەیدات، هەروەها تەئمین لە ڕووی بابەتەوە سێ جۆرە، کە بریتین لە تەئمینی دەریایی و وشکانی و ئاسمانی، تەئمینی تایبەت و کۆمەڵایەتی، تەئمین لەسەر کەسەکان و زیانەکان. سەرەڕای ناجێگیری ئەمنی و ئاسایشی عێراق و ڕوودانی مەترسیی جۆراوجۆر لەسەر ژیان و کەلوپەلی تاکەکان بەهۆی زۆربوونی کردەوە تیرۆرستییەکان لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣وە، سیستەمی تەئمین دەبوایە گرنگی پێ بدرایە و دەبوایە کۆڵەگەیەکی هەرە بنەڕەتیی سیستەمی دارایی و ئابووریی وڵات بوایە، لێ بەداخەوە ئەم کەرتە ناچالاکە و فەرامۆش کراوە، بەپێی تازەترین داتا تائێستا تەنیا ١٤٪ی عێراقییەکان کار بە سیستەمی تەئمین دەکەن، بۆیە ئێمە لەم بوارەدا ڕەخنە دەگرین و دەڵێین پێویستە سیستەمی تەئمین لە عێراق و هەرێمی کوردستان چالاک بێت و پشتگیریی کۆمپانیاکانی تەئمین بکرێت و هان بدرێن و لەلایەن حکوومەتەوە هاوکاری بکرێن، چونکە لە دەستووری هەمیشەیی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥ لە مادەی ٢٥ بە دەق هاتووە کە دەڵێت: "دەوڵەت چاکسازی لە ئابوورییی عێراق دەگرێتە ئەستۆ، بە پشتبەستن بە بنەما ئابوورییە نوێیەکان، بە جۆرێک کە وەبەرهێنانی تەواوی داهات و سەرچاوەکان مسۆگەر بکات، هاوکات لەگەڵ هاندان و گەشەپێدانی کەرتی تایبەت". لەکۆتاییدا ئێمە پێمان وایە هۆکاری ناچالاکی و پێشنەکەوتنی سیستەمی تەئمین لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە، کە پێویستە چارەسەری گونجاو و هەوڵی جدیی بۆ بدرێت:

- حکوومەت ئەم کەرتەی فەرامۆش کردووە، چونکە کۆمپانیاکانی تەئمین بەتایبەتی کۆمپانیا تایبەتەکان بێ پشتگیری و هاوکاریی حکوومەت ناتوانن کارەکانیان بکەن.
- هاوولاتییان زانیارییان لەسەر ئەم سیستەمە نییە، پێویستە گرنگی و پێویستیی تەئمین بگەیەنرێتە هاوولاتییان.
- باری دارایی و بژێویی هاوولاتییان بەرەو خراپی چووە، پێوستە لەسەر حکوومەت هەوڵی جدی بدات بۆ باشترکردنی باری دارایی هاوولاتییان، چونکە (مومن لە) لەبەرامبەر ئەو تەئمینەی کە کۆمپانیای تەئمین بۆی دەکات، پێویستە لەسەری بڕێکی خولی بەشێوەی قیست بدات.
- هەروەکوو ئاماژەمان بەوەدا، تەئمین لە ڕووی شێوەوە دەکرێتە دوو جۆر، جۆری یەکەمیان تەئمینی هاوکارییە و جۆری دووەمیان تەئمینە بە قیستی جێگیر. زانایانی ئیسلام ڕێگەیان بە تەئمینی هاوکاری داوە، پاڵپشت بەو ئایەتەی قورئانی پیرۆز کە دەفەرموێت (وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ) بەڵام تەئمین بە قسیتی جێگیریان بە حەرام داناوە و دەڵێن ئەم جۆرە تەئمینە بە هەموو جۆرەکانیەوە دروست نییە و ڕێگەپێنەدراوە.

گومان و بیرکردنەوە

فەرمان شێخ عەبدولڕەحمان
قۆناغی چوارەم- بەشی یاسا

مەرجی سەرەکی لە بیرکردنەوەدا، بریتییە لە بوونی چەند ئەگەرێک یان چەند بژارەیەک، ئەگەر یەک بژارە هەبوو، ئەوا بیرکردنەوە نابێ واتە گومان نابێت، بەم پێیەش داهێنان نابێت یان نایەتە ئارا.

بۆیە ئەو قوتابییە یان ئەو فێرخوازەی بە گومان شتەکان وەردەگرێت و هەوڵی دۆزینەوەی چەند ڕێگایەک دەدات، جیاوازە لەو قوتابییەی ڕاستییەکانی تەنیا لە مامۆستا وەردەگرێت و هەر تەنها ئەو ڕێگایانە دەزانێت کە مامۆستا فێری کردووە، یەکەمیان دەبێتە زانا و دووەمیان دەبێتە لاساییکەر، وەرگر تەنیا لە یەک سەرچاوە.

لە کاتی بیرکردنەوەدا، دوو جۆرە گومان دروست دەبێت، گومانێک بۆ ئەوەی هەموو شتەکان ڕەت بکەیتەوە، گومانێک بۆ ئەوەیە باشترینیان هەڵبژێری، تا ژمارەی هەڵبژاردنەکانیش زیاتر بن بیرکردنەوە زیاتر دەبێت، گومان قووڵتر دەبێت و بڕیاردانیش سەختتر دەبێت.

کاتێک ئافرەت شتێک باس دەکات، ئەوا بە دوورودرێژی و وردەکارییەوە باسی دەکات، بۆیە کەمترین بژارە دەهێڵێتەوە، بەم پێیەش کەمترین چارەسەری لایە! بەڵام پیاو بە کورتی و پچڕپچڕ باسی ڕووداوەکان دەکات بۆیە زۆرترین گومان دروست دەبێت، لێرەدا بیرکردنەوەی پیاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە بیرکردنەوەی ئافرەت لۆژیکانەترە.

بە کورت و پوختی گومان دەکرێت هۆکارێک بێت بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان، بەڵام لە چ کاتێکدا؟ لەو کاتەی کە ڕاستییەکانت بینی، نەک ئەوەی دوورەپەرێز بڕیاری بەسەردا بدەیت. لەمەشەوە فێر دەبین کە بۆ هەر بڕیارێک دەکرێت گومانی تیادا بێت، بەڵام ناکرێت هەمووی گومان بێت. ئەگەر هەر بڕیارێکیش بەگومانەوە لەدایک بوو ناکرێت ناوی بنرێت بڕیار، بەڵکوو دەبێت دووبارە ئاوێتەبوون بکرێت لەنێوان خەیاڵەکاندا تا بڕیارێک لەدایک ببێت، بە بەڵگەوە بەبێ گومان بسەلمێنرێت کە بوونێکی ڕاستەقینەی خۆی هەیە نەک گوماناوی.

شایان بڵاوکراوەی هەمووانە، هەر مامۆستا و قوتابی و خوێندکارێك دەیەوێ بەشدار بێت با بابەتەکەی بۆ ئەم ئەدریسە بنێرێت، بەمەرجێ هیچ بابەتێك لە ٢٥٠ وشە زیاتر نەبێت و وێنەی نووسەری لەگەڵ بێت

shayannewspaper@gmail.com